# هونەرمەند رزگار رەنجەڕۆ:
# هەوڵدان بۆ پێشخستنی هونەری کوردی زۆرە، بەڵام هەوڵەکان کەموکوڕییان هەیە.

**کەس نییە لە ئێمە ئاشنای هونەرمەند رزگار رەنجەڕۆ نەبێت کە بە جلوبەرگە کوردییەکانی و جامانە و چۆخکەکەیەوە دەردەکەوێت و لە بۆنە ومیهرەجانە جیهانییەکاندا گۆرانی رەسەنی کوردی بە دەنگە خۆشەکەی بە گوێچکەی ئامادەبوواندا دەزرنگێنێ جگە لەمە وتار و لێکۆڵینەوە زانیستییەکانی دەربارەی هونەری کوردی بوونەتە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆ هەوادارانی هونەری کوردی، لە دەرفەتێکدا ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵیدا سازکرد.**

**سازدانی /فایلی هونەری**

*** لەبواری هونەریدا چ گۆرانکارییەک لە کوردستان بەدی دەکرێت؟**

–بێگومان گۆڕانکاری باش هەبووە و گۆڕانکاری خراپیش هەبووە، هەندێک هونەرمەند رەسەنایەتی خۆیان و هونەری کوردییان پاراستووە، لەهەمان کاتدا چەند ناهونەرمەندێک هەن هەموو شتێکیان شێواندووە، بەجۆرێک من کۆچی لاوان بۆ ئەوروپا بە چەند کارێکی ناهونەری ئەوانە دەبەستمەوە کاتێک لەکلیپێکدا کۆمەڵێک کچی رووت لەخۆی کۆ دەکاتەوە لە جوانترین تەلارەکانی ئەوروپا سەما دەکەن، بەڵام سەرەڕای ئەمەش ئێستا لە ئەوروپا هونەرمەند وتیپی هونەری بەتواناش هەن، لێرەدا من دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە نابێ میللەتی ئێمە تەنیا پشت بەشتی کۆن ببەستێت، بە سوودوەرگرتن لە تەکنۆلۆژیا وتوانای پسپۆڕ و شارەزایانی بواری موزیک لە ئەوروپا دەتوانین پشت بەشتی نوێ و مۆدێرن ببەستین ئەویش بەکردنەوەی خولی فێرکردنی موزیک و ئامێرە تازەکان با کوردیش نەبن گرنگ ئەوەیە سوودی لێوەربگیرێت، چونکە تا ئەمڕۆش گۆرانی و موزیکی کوردی لە چوارچێوەی فۆلکلۆر دەرنەچووە.

*** هۆی چییە بەرهەمە هونەرییەکان بەر لە راپەڕین زیاتر رەسەنایەتییان پێوە دیارە؟**

–رەسەنایەتییەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەوکات وەک تەحەدایەک بوو دژی رژێم و چەوسانەوەی خەڵک زۆر بوو و خەڵک بە حەماسەوە گوێی لە گۆرانی دەگرت، چونکە رژێمی بەعس ئەوکات دەستی کردبوو بە وێرانکردنی کوردستان لەبەر ئەوە تەنیا وشەیەکی کوردی هەستی خەڵکی دەبزواند، ئەمڕۆ بەشێوەیەکی دیکەیە، گەنجەکانی ئەم سەردەمە ئێش و ئازاریان نەبینیوە بۆیە زۆر شارەزای رەسەنایەتی نین و نازانن پێشکەوتن لە کوێ و لە چیدایە، تەنیا دەیانەوێ ژیانیان خۆش بێت، بەڵام زۆر شتی مێژوویی هەیە نابێ لە یاد بکرێت و پێویستە بروایان پێی هەبێت.

*** زۆر کەس دەڵێن هونەری کوردی پێشڤەچوونی بەخۆوە نەدیوە ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**


– هەوڵەکان بۆ پێشخستنی هونەری کوردی زۆرن، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە تازە تامی ئازادی دەکەین، هەندێک لە هەوڵەکان کەموکوڕییان هەیە، بۆنموونە حکومەتی هەرێم بە هەموو شێوەیەک هاوکاری هونەرمەندێک دەکات، بەڵام ئەو هونەرمەندە لەبەر ئەوە هەستی نەتەوایەتی لا کەم بووەتەوە پێی رەوا نییە لە کوردستان تۆماری بکات دەچێت لە دەرەوە لەگەڵ موزیک زانی بیانی تۆماری دەکات بیریش لەوە ناکاتەوە مۆرکی ئەو موزیکە هە چۆنێک بێت دێتە کوردستان و بەسەر منداڵی کورددا زاڵ دەبێت، من مەبەستم هەموو ئەو هونەرمەندانەیە کە ئەو کارە دەکەن.

*** لە دەرەوەی کوردستان، جەماوەری بیانی چۆن پێشوازی هونەری رەسەنی کوردی دەکات؟**

– لەبەر ئەوەی کوردستان بێشکەی شارستانییەتە بۆیە دەبینین بەدەیان وشەی زمانی کوردی لە ئەوروپا بەکار دەهێنرێن و وەکو خۆیان ماونەتەوە و پارێزراون وەک، ژیان، ئەژدیهان، ژن..هتد. لەبەرئەوە کە گۆرانییەکی رەسەن لە فیستیڤاڵێک یان کۆنسێرتێک بگوترێ و هونەرمەندەکەش بە جلوبەرگی کوردییەوە بێتە سەر تەختی شانۆ ئەوا بێگومان گەورەترین سەرکەوتن بە دەست دەهێنێت، بەڵگەشمان زۆرە لەو بوارەدا.

*** وەک هەولێرییەک پێت وانییە حەیران فەرامۆش کراوە؟**

– من پێموانییە حەیران فەرامۆش کرابێت، من حەیرانبێژ نەبووم، بەڵام لە ئەوروپا بەردەوام حەیران دەڵێم، چونکە زۆربەی موزیک ناسە ئەوروپییەکان دەڵێن ئەو حەیرانی ئێوە زۆر نزیکە لە رێپی ئەوروپی، تەنیا جیاوازی ئەوەیە رێپی ئێمە



چارەگە تۆنی نییە کەچی لە حەیراندا هەیە، گەنجەکانیش ئێستا لە کۆنسێرتەکانیان هەوڵ دەدەن حەیران بڵێن بۆ خۆشکردنی کەشی کۆنسێرتەکە و خەڵکیش زۆر داوا دەکات، چۆپی فەتاح کە خەڵکی هەولێر نییە و لە ئەوروپا گەورە بووە، بەڵام بینی کە حەیران شوێنێکی باشی لەنێو هونەی کوردیدا هەیە هەوڵیدا فێرە حەیران بێت و گوتی بەڕای من زۆریش سەرکەوتوو بوو تێیدا، من دەستخۆشی لێدەکەم.

*** قادر دیلان چ کاریگەرییەکی بەسەر رزگار رەنجەڕۆوە هەبووە؟**

– قادر دیلانی خوالێخۆشبوو کاریگەرییەکی زۆر گەورەی لەسەر من هەبووە، رۆژێکیان لە دوای راپەڕین لەماڵی ئەو دانیشتبووین گوتی: زۆر حەز دەکەم سەرۆک بارزانی داوەتم بکات بۆ کوردستان و هەناسەیەک لە کوردستان هەڵمژم، گوتم: بۆچی تەنیا سەرۆک بارزانی، لە وەڵامدا گوتی: لە ساتە زۆر سەختەکانی ژیاندا بارزانی نەمر هەزار دۆلار و دارجگەرەیەکی بۆ ناردم کە بەدەستی خۆی دروستی کردبوو بۆم، قادر دیلان چۆتە بەر دلۆڤانی خوا، بەڵام وەسیەتەکەی لای من ماوە کە تێیدا دەڵێ تۆ و خودا ئەگەر مردم لاشەکەم ببنەوە کوردستان، ئەگەر هەرنەتانتوانی خۆڵەمێشەکەم ببەنەوە قەت لە چاکەتان دەرناچم،ئێوەش هەربژین لە ئەورو پا هەرکەسێک بمرێت کەسوکاری مردووەکە کۆنتراکتێک لەگەڵ گۆڕستانەکەدا دەکات بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لاشەکە لە گۆڕستان دەمێنێتەوە، بەڵام دواتر لاشەکە دەردەهێنن و دەیسووتێنن و خۆڵەمێشەکەی فڕێ دەدەن، ئیتر ئەم کەسە وجودی نامێنێت، قادر دیلانیش دوای کەمتر لە دوو ساڵی دیکە کۆنتراکتی تەواو دەبێت و ئیتر لاشەکەی فڕێ دەدەن ئەمەش زیانێکی گەورەیە بە هونەرمەندی کوردی دەکەوێت، چونکە قادر دیلان هونەرمەندێکی گەورە و یەکەم هونەرمەندی نوێخوازی کورد و دامەزرێنەی تیپی موزیکی مەولەوییە، هیوادارم بەرپرسانی کورد بەجدی بیر لەم مەسەلەیە بکەنەوە و قادر دیلان لە ون بوون رزگار بکەن، پێمولیە کاتی ئەوە هاتووە ئاوڕێک لەم هونەرمەندە نەمرە بدرێتەوە.

# مامڵێ... دەنگێک هەمیشە زیندوو

**ئاری ئاغۆک**

ئەو کاتانە لە ژێر ساباتی عەشق و هونەر و خۆشەویستی سەیری جوانی ژیان دەکەین، هەست دەکەین ئەوانەی بە دوای جوانی و پەیامەکان دەگەڕێن، کەسانێک ویستوویانە کار بۆ داهاتوو بکەن و بە گەشبینییەوە بڕواننە ژیان، بۆیە هەموو کات لە خەمی ئەوە دابوونە چۆن بە شێوەیەکی زیرەک و باش و کاریگەر زێتر بچنە نێو ناوەرۆکی مەبەست، جا لە هە روانگەیەکەوە بێت کاری خۆیان کردووە، لە بواری هونەری گۆرانی و مۆسیقاش دا چەند مەزنە هونەرمەند ئەسپی خۆیان تاو داوە بۆ خزمەتکردن بەم بوارە، هەربۆیەش چەشنی ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە ئاسمانی زێڕیندا هەموو ساتێک دەگەشێنەوە، یەکێک لەو هونەرمەندە گەورانە (محەمەد مامڵێ)یە، کە خودان ستایلێکی تایبەت و دەنگ و هونەر و بەهرەیەکی گەورە بووە، تا وای لێهاتووە، وەک قوتابخانەیەک سەیری بکرێ و سوودی گەورەی لێ وەبگرێ، ئەمڕۆش بە یادی ئەم هونەرمەندە گەورە، یادی پڕ لە هونەی دەکەینەوە کە هەمیشە و بەردەوام رابردووی لەبەرچاو و دڵانە.. نەوەی داهاتوو بەرێزەوە سەیری ئەرشیفی هونەری دەکات.



هونەرمەند مامڵێ نێوی تەواوی (محەمەد عەلی سەعید)ە بە (محەمەدی مامڵێ) ناسراوە، ساڵی ١٩٢٥ لە شاری مەهابادی رۆژهەڵاتی کوردستان چاوی بە ژیان هەڵێناوە، بنەماڵەی مامڵێ بە دەنگ خۆشی باوکی یەکێ بووە لەو هونەرمەند و دەنگخۆشانەی توانیویەتی تا ئەوپەڕی جوانی رازاوەی هونەر بکات، بێگومان بنەماڵەی مامڵێ چەندین هونەرمەندی مەزنی لێ هەڵکەوتووە لەوانە (حەسەنی مامڵێ، جەعفەری مامڵێ، عەبدوڵڵای مامڵێ و چالاک و چیا و سمایلی مامڵێ...) کە سەدا و ئاواز و مۆسیقای کوردیان بە دەنگە بە جۆش و خۆشەکەیانەوە رازاندۆتەوە و هەمیشە بە دوای هونەری رەسەن کەوتوونە و هونەری رەسەنیان پێشکەش بە جەماوەری گەلەکەمان کردووە. مامڵێ توانی بۆ ماوەی نیو سەدە لە راژەی هونەری گۆرانی و ئاوازی چێژدار و رەسەن و کلتووری نەتەوایەتیدا بەردەوام بێت. لە ئەرشیفە دەوڵەمەندەکەی مامڵێ ٦٠٠ گۆرانی تۆمارکراوە. مامڵێ نەک هەر لە جوانی هونەردا کەسێکی ناسراو بووە، بەڵکو کورد پەروەرێکی دیار و تێکۆشەرێکی ماندوو نەناس بووە، ئەو ویستوویەتی لە رێگەی گۆرانییەوە هەستی نەتەوایەتی و جوڵانەوەی سیاسی تێکەڵ بکات و لە هەردوو بواردا بوونی خۆی بسەلمێنێ، لە ساڵی ١٩٣٨ بە تاوانی ئەوەی پەیوندی لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا هەیە زیندانی کراوە، جگە لەمەش زیندانی کردنی (عەبدوڵڵا)ی کوڕی بۆ ماوەی ١٠ ساڵ و دوایش لە سێدارەدانی. مامڵێ لە ٧٤ ساڵەی تەمەنی ژیانیدا توانی داهێنانێک لە گۆرانی کوردی بکات، رەسەنایەتییەک لە ئاواز دروست بکات و ستاتیکایەک لە شیعر نیشان بدات کە بێگومان بە ئاشکرا هەست بە لایەنە جوانییەکانی (شیعر و ئاواز و مۆسیقا و ئەدا)کردن پێشکەش بە گوێچکەی گوێگر بکات، بەڵام بەداخ و ئەسەفێکی زۆرەوە لە ١٩٩٩/١/٢٣ دڵە پڕ لە هونەرەکەی ئەم هونەرمەندە لە لێدان کەوت و سەفەری یەکجارەکی لە دونیای هونەر کرد. خۆری تەمەنی ئاوابوو لە ١٩٩٩/١/٢٤ بەرەو گۆڕستانی (بوداخ سوڵتان) لە مەهابادی (قازی) لەتەک شاعیرانی مەزنی کورد مامۆستا هێمن و هەژاری موکریانی نێژرا.

بەڵام دەبێ ئەوەشمان لەیاد نەچێت مامڵێ زادەکان هەرگیز کۆڕی گۆرانی کوردی ڤالا ناکەن، ئەوان تەواوکەری (مامڵێ)ن بەوەش خۆش...... ئەمڕۆکە مەیدانی مامڵێ و دیوەخان و کۆڕی عاشقانی مامڵێ گەرمە و جگە لە چەندین دەنگ لەو خانەوادەیە بەدەیان دەنگی تر خۆیان بە مورید و دەروێشی مامڵێ دەزانن و بەدەنگی خرۆشیان وڵاتیان تەژی کردووە لە دەنگی قورینگ و سەمای گوڵ و باڵەفڕەی پەپوولەی رۆحی مامڵێ. بۆیە هەموو ساتێک لەگەڵ ئاوێزان بوون یتێکستە شیعرییەکانی کلاسیک و ئاوازە رەسەنەکانی نەتەوایەتی هەموومان دەڵێین و دەڵێینەوە یادت بەخێر ئەی گوڵە جوانەکەی دونیای عەشق و وەفاداری... یادت بەخێر..